

# نوێترین ماوسی وایەرلەیس بەبێ باتری

ماوس بە شا کلیلی کۆمپیوتەر دەزاندرێ، بەتایبەتی بۆ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ.. لە پیشانگای ساڵانەی CESی ئەم ساڵدا، کۆمپانیای ڕێزەر ماوسێکی نوێی خستەڕوو کە وایەرلەیسە و بەهۆی تەکنەلۆژیای هایپەر فلاکس دەتوانێت بەبێ باتری و کێبڵ تەنیا وزەی خۆی لەخۆی لە پادەکەی خۆی وەربگرێ..

ئەو پادانەی کە ماوسەکانیان شەحن دەکەنەوە، داهێنانێکی نوێ نین، کۆمپانیای لاجتیك ساڵی رابردوو لە تەکنەلۆژیای پاوەرپلەی سوودی وەرگرت کە ئەویش ماسەکان بەبێ وایەر شەحن دەکاتەوە. تەکنەلۆژیای هایپەرفلاکسیش بە هەندێك جیاوازییەوە وەك تەکنەلۆژیای پاوەرپلەی دەچێت..

ماوسی ١٦٠٠٠ DPIتایبەتە بە گەیمی کۆمپیوتەری و بەبێ گرفت و بەبێ تەواو بوونی باتری دەتوانیت چەند کاتژمێرێك کاری پێ بکەی.

# ئامێرێکی هۆشمەند بۆ چاودێری پێست

لە پیشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا، دوو جۆر ئامێری تایبەت بە چاودێری پێست بەناوەکانی UFO و UFO Miniخرانەڕوو..

ماسکە هۆشمەندەکان ئامێری بچووکن بەڵام بە سوودن، بەهۆی ئەوانەوە دەکرێت بەشێوەیەکی زیرەکانە چاودێری پێستت بکەی..

کۆمپانیای foreo کە تایبەتە بەبەرهەمهێنانی کەلوپەلی جوانکاری و ئارایش ویستوویەتی ئامێرێك بەرهەم بێنی سمارت بێت و تەکنەلۆژیا بۆ ئارایش و جوانکاری بەکار بێنێ.. ئامێرەکە بەهۆی لەرینەوەوە پێستت توند دەکاتەوەو نوێی دەکاتەوە و خانە مردووەکان لادەبات.. تیشکێك لەئامێرەکە دێتە دەر و پێست گەرم دەکات و دواتر سارد دەبێتەوە بەهۆی ئەم سوڕی گەرم و ساردییە پێست گەشتر دەبێتەوە.. بەکارهێنەر دەتوانێت سەرلەبەیانی و سەرلە ئێوارە بەکاری بێنێ و هەتا دوو هەفتەش شەحنی دانابەزێت..





# پرۆژکتەرەکەی ئۆپتیما ب

لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا چەند کۆمپانیایەك، چەند پرۆژکتەرێکیان خستەڕوو، بەڵام ئەوەی کۆمپانیای ئۆپتیما لەگەڵ پرۆژکتەرەکانی دیکە تایبەتمەنی جیاوازی هەبوو.. پرۆژکتەری ئۆپتیما کە بە UHD51A ناسراوە، کوالیتی نیشاندانەکەی K4ە و بۆ نیشاندانی فیلم و داتا راستەوخۆ بەهۆی سیستەمی ئەلیکسای ئامازۆن واتە بە فەرمانی

# ڕکابەری بۆ
# بەرهەمهێنانی کاتژمێری هۆشمەند

کاتژمێرە سمارتەکان ئەگەرچی لە لای ئێمە نەبوونەتە باو، بەڵام پێدەچێ لە چەند ساڵی داهاتوودا جێگای خۆیان بکەنەوە و بە تەواوی کاتژمێرە کلاسیکیەکان وەلاوە بنێن..

«کیت سپید نیویۆرک» کۆمپانیای ناسراوی جیهانییە لەبەرهەمهێنانی جلوبەرگدا، کۆمپانیای ناوبراو هەتا ئێستا بیری لە بەرهەمهێنانی ئامیری دیجیتالی نەکردۆتەوە، بەڵام ئەویش ئێستاکە هاتۆتە مەیدانەوە و یەکەم کاتژمێری هۆشمەندی بەرهەم هێناوە.. لە پیشانگای ساڵانەی ces۲۰۱۸دا کاتژمێرێکیان بەناوی ”Kate Spade New York Scallop Touchscreen” بەرهەم هێناوە. کاتژمێرەکە زیاتر بۆ گونجان لەگەڵ ستایلی جلوبەرگە و کۆمپانیای بەر لە توانایی و کارایی گرنگی بە ستایل و دیزاینەکەی داوە.. شاشەکەی ١,٢ ئینجە، لەجۆری OLEDیە. هەستەوەری تایبەت بە ڕووناکی لەگەڵدایە واتە ڕەنگەکەی دەگۆڕدرێت.. سیستەمەکەی ئەندرۆید ڤێر٢یە.. پرۆگرامێکی لەگەڵدایە بەهۆیەوە دەکرێت ڕەنگی کاتژمێرەکە لەگەڵ ڕەنگی جلوبەرگەکەت بگونجێنی..



# ـــــــە تایبەتمەندی جیاوازەوە

دەنگ فیلم لە ئینتەرنێت وەردەگرێت.. پرۆژکتەری ناوبراو یەکەم پرۆژکتەرە لە جیهاندا کە لەو سیستەمە سوود وەردەگرێت..

جگە لە سیستەمی Alexa Smart Home کە فەرمانەکان بە دەنگ لە ئینتەرنێت وەردەگرێت، میدیا پلەری تایبەت و سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، شوێنی دانانی دوو کێبڵی HDMI2 لەسەرە.




# کۆپێکی قاوە
# موبایلیش شەحن دەکاتەوە

حەزدەکەی لە وەرزی ساردی زستاندا لەگەڵ ئەوەیدا قاوەیەکی گەرم بخۆیەوە، موبایلەکەشت شەحن بکەیەوە.. کۆپی قاوەی Cauldryn Coffee لەگەڵ ئەوەیدا قاوەکەت هەمیشە گەرم ڕادەگرێ و باترییەکی تایبەتی لەگەڵدایە کە شەحن دەبێتەوە بەهۆیەوە هەم قاوەکە گەرم دەبێت و هەم دەکرێت کامێرا یان موبایلی پێ شەحن بکەیەوە..

کۆپی قاوەی ناوبراو دەتوانێت هەتا دە کاتژمێر قاوەکە گەرم ڕابگرێت، بە تەنیا قاوە گەرم ناکاتەوە بەڵکو قاوەش ساز دەکات و چونکە ئامێری وردکردنی دەنکی قاوەشی تێدایە.. دەکرێ جگە لە قاوەش چایشی پێ ساز بکەی، جگە لە موبایل دەکرێت گلۆپی خەو، یا ئامێری دژە مێشوولەشی پێوە پەیوەند بدەی.. کۆپەکە بۆخۆشی لە توێکڵە قاوە دروست کراوە..



# ستاندێک بۆ تۆمارکردنی رووداوە وەرزشییەکان



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، نیازم هەیە مۆبایلەکەم لەبازاڕ بفرۆشم، ئایا کەسێکی شارەزا دەتوانێت وێنە و داتاکانی سەر مۆبایلەکەم کە سڕیومەتەوە بگەڕێنێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز، لە جیهانی دیجیتالی سەردەمدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، ئەگەر بڵێم دەکرێ، رەنگە تووشی دڵەراوکێ بی، بەڵێ دەکرێت بەڵام کەسی شارەزای دەوێت، بۆ ئەوەی تووشی ئەو گرفتە نەبی، سەرەتا میمۆری و سیم کارتەکە دەربێنە، ئەو داتایانەی تێیدایە هەمووی بسڕەوە و رێستی کۆمپانیای لێبدەوە... ئەو ئەکاونتانەی پێشووتر داتناون هەموویان بسڕەوە، بەتایبەتی ئەکاونتی گوگل.. دواتر بۆ دڵنیایی زیاتر جارێکی دیکەش رێستی بکەوە...

ئەوانەی باسم کردن رێگا چارەن، بەڵام نابێ هیچ کاتێك لە جیهانی دیجیتالی بێگومان بی، ئەگەر ئەمڕۆش پرۆگرامی پێشکەوتوو یان کەسی شارەزا نەبێت بۆ گەڕاندنەوەی داتاکان لە داهاتوودا دەبن.. باشترین رێگا ئەوەیە کە موبایلێك لەناوبەری نەك لەبازاڕ بیفرۆشی... ئەگەر دەزانی داتاکانیشت گرنگ نین بێ گرفت دوای ریست کردن بیفرۆشە...



## پرۆگرامێک پێویستە لەسەر هەر کۆمپیوتەرێک هەبێت

ئەوانەی شارەزای بواری کۆمپیوتەرن دەزانن، لە کۆمپیوتەردا بۆ هەر پارچەیەکی کۆمپیوتەر ناسینێك هەیە کە دەبێ بە مەزەلبۆردی بناسێ، ئەم پرۆگرامۆکانە پێیان دەگوترێت درایڤ، «driver» یان بە واتای زمانی بازاڕی (تەعریف) ئەوەی کە دەچیە لای شارەزاییەکی بواری کۆمپیوتەر دەڵێت دەبێت تەعریفی پارچەکانی وەك دەنگ و رەنگ و کیبۆرد و ماوس و بەگشتی هەر پارچەیەك لە کۆمپیوتەردا هەبێ بەهۆی ئەو تەعریفانەوە کار دەکەن...

پرۆگرامی TweakBit Driver Updater ئەو پرۆگرامەیە کە پێویستە لەسەر هەر کۆمپیوتەرێك بێت بۆ ئەوەی تووشی گرفتی نەمان یان کێشەی درایڤەکانت نەبێت.. درایڤەکان هەمیشە لەلایە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەوە نوێدەبنەوە و کێشەکانیان چارەسەر دەبن، پرۆگرامی ناوبراو ئەرکی نوێکردنەوەی درایڤەکان دەگرێتەخۆی..

پرۆگرامەکە کۆمپیوتەر یا لاپتۆپەکە لە بوونی هەر گرفتێکت ئاگادار دەکاتەوە. کاتێك ئەو پرۆگرامە دەخەیە سەر کۆمپیوتەر دەتوانی راستەوخۆ لە دووسەد هەزار درایڤ سوود وەربگری..

## کاتژمێرێک بۆ رێنیە

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی لە پیشانگای ساڵانەی CESدا، زۆر کاتژمێری زیرەکیان خستەڕوو، کۆمپانیای کاسیۆش کە مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەمهێنانی کاتژمێردا، کاتژمێرێکی تایبەتی خستەڕوو، تایبەتمەندیی و کاراییەکانی لە گشت کاتژمێرەکانی دیکە جیاوازە..

کاتژمێری کاسیۆی جۆری GPR B-100- دەتوانێت لە لە کەشوهەوای ٢٠ پلە خوار سفر و قوڵایی ٢٠٠ مەتر لە ژێر ئاودا بەباشی کار بکات. بە شەحنکردنەوەی کاتژمێرەکە دەکرێت تا ٣٣ کاتژمێر کار بکات، بەڵام ئەگەر لە دەرەوە و لە بەر هەتاو بی دەتوانی ماوەیەکی زۆرتر سوودی لێوەربگری، چونکە



کامێراکانی ئەکشن، پیشـەیی، چاودێری لە پیشانگای ساڵانەی CESدا سەرنجی ئامادەبووانی بۆ لای خۆ راکێشا، یەکێک لـەو ئامێرانـەی کە سـەرنجی ئامادەبووانی راکێشـا، ستاندنێك واتـە (پایەیـەك) بـوو، کامێرا یا موبایلی لەسـەر دادەنرێ و بـۆ بۆ تۆمارکردنی وێنە جوڵەدارەکان سـوودی لێدەبینـدرێ، پایـەی کامێـرای Taro Tracking هیـچ سنووردارییەکەی بۆ تۆمارکردنی وێنە جوڵەدارەکان نییە..
بەهۆی پایەی کامیرای ناوبراو پێویست ناکات بەکارهێنەر دوای سـوژەکەی بکەوێت بـۆ وێنەگرتنـی بەڵکـو پایـە جوڵەدارەکەی کامێرا هۆشمەندانە سوژەکە دەناسێت و وێنە لێ هەڵدەگرێتـەوە.. لـە پایە جوڵەدارەکانی دیکەدا ئەگەر سـوژە زۆر بە خێرایی جوڵە بکات یان لە نێوان کامێرا و سـوژەدا لەمپەرێـك دروسـت بێـت کامێراکە تووشـی سەرلێشـێوانێك دەبێـت، بـەڵام لەو پایەیەدا وانییە و ئۆتۆماتیکی بە دوای سوژەکەدا دەخولێتەوە..
سـتاندی ناوبـراو دوو ڤێرژنـی تایبـەت بـە کامێـرا و موبایلی هەیـە.. چۆنییەتی کارکردی پایەکە بەم شـێوەیە دیمەنـە جوڵەدارەکـە جا وەرزشـکارێك بێت یـان گیاندارێك ئامێرێکـی پـێ بـێ کـە ئـەو ئامێـرەش پێشـووتر بەهـۆی سیسـتەمی تیشـکی سەروی سور لەگەڵ پایەی کامێراکە پەیوەند دراوە و، ئیدی پایەی کامێراکە بەدوای ئامێرەکەدا دەسوورێت..




## شاندەری ڕێگاوبان



بە تیشـکی خۆریش شەحن دەبێتەوە.. کاتژمێری ناوبراو هەم بە وایەر و بەبێ واریش شەحن دەبێتەوە. جگە لە کاراییەکەی کۆمەڵێك کریستالی گرانبایی کاتژمێرەکەیان سەرنج راکێشتر کردووە..
تایبەتمەنـدی هـەرە گرنگـی کاتژمێرەکە لە سیسـتەمی GPSی بەهێـزی دایە کە یارمەتی بەکارهێنەرەکەی دەدات لەهەر شوێنێك بێت ڕێنوێنی بکات بۆ ئەوەی کە بگاتە شوێنی مەبەست، بەتایبەتی ئەو کەسانەی گەشتیاران و ڕێگا ون دەکەن و یـان لـە دەشـتایی و چیاکانـدا دەمێننـەوە و کورترین ڕێگایان نیشـان دەدات، جگە لەوەش دەستنیشـانی شـوێنە جوگرافییەکە و تایبەتمەنـدی شـوێنە جوگرافییەکـە وەك بـەرزی و نزمـی و شێوەی پێکهاتەکەی دەکات...

## ڕۆبۆتێکی چاودێر دەبێتە سکۆتەریش

پیشـانگای سـاڵانەی CES2018، پیشانگای ڕۆبۆتەکان بـوو، ڕۆبـوت گەلێکی زۆر لەم پیشـانگایەدا نیشـان دران.. ڕۆبۆتـی چاودێری nimbo یەکێك بـوو لـە ڕۆبۆتانـە.. کە سەرەڕای چاودێری و پاسەوانی، ئیزنی بە بەکارهێنەرەکانیش دەدا سواریشی بن و بۆ مەودایەکی کەم بیانگوازێتەوە..
ڕۆبۆتـە چاودێرییـەکان زیاتـر، ئامێرێکـن کـە لە شـوێنی خۆیـان ناجوڵێـن و مەودایـەك دەخەنە ژێر چاودێـری خۆیان، بـەڵام دوو کۆمپانیـای (تورنینـگ ڤیدیـۆ و سـێگ وای) پێکەوە ڕۆبۆتێکیان بەناوی نیمبۆ بەرهەم هێناوە کە سەرەڕای چاودێـری دەکرێـت وەك ئامێرێکـی بچووکـی سـواربوونیش سوودی لێوەربگرێ..
ڕۆبۆتـی نیمبـۆ جۆرێـك دروسـتکراوە کـە لـە شـوێنێك بە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی پاسـەوانی دەدات و راسـتەوخۆ ڤیدیۆیی شوێنەکە بۆ کەسانی بەرپرس دەنێرێ، هەرکاتێکیش دیمەنێکـی گومانـاوی دیـت دەسـتبەجێ بەرپرسـەکەی ئـاگادار دەکاتـەوە و دەتوانێـت بـۆ ماوەیەکیـش بەدوای شـتە گوماناوییەکەدا رابکات.. ڕۆبۆتە پاسەوانەکە دەتوانێت بەسەر تاسـە و لەمپەرەکانـی ڕێـگادا بازبدات و بەهـۆی بچووکیەوە بـە شـوێنە تەنگەبەرەکانیشـدا بـڕوات.. کاتێـك پێویسـتی بە شەحن بێت خۆی ئۆتۆماتیکی دەچێتە شوێنی شەحن ...



## سایتێک بۆ کردنەوەی فایلە زیپەکان

فایلـە zip یـا فایلـە دەباڵێـك پەسـتراوەکان، بەو پرۆگرام و فایلانە دەگوترێن کە بەکارهێنەر بەمەبەستی بچووك کردنەوەیان و ئاسـان ئەپلۆد کـردن و داونلودکردنیـان بەهـۆی پرۆگرامێکـی تایبـەت لـە پاڵیەکیان دەپەستێون و دەیانکەن بە یەك فایل، ئـەوەی سـوودیشـی لێوەردەگـرێ دەبـێ جارێکـی دیکـە فایلەکـە لـە حاڵەتـی زیپـەوە دەربهێنێتـەوە.. بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەبـێ پرۆگرامێکـی تایبـەت بەم مەبەسـتە بـەکار بێنێ، بـەڵام ئەگـەر ئـەم پرۆگرامەت لەلا نەبوو زۆر ئاسانە دەتوانی لە سایتی http://funzip.net/ سوود وەربگری کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، سەرەتا فایلەکە بەهۆی دوگمەی Browse ەوە بـۆ نـاو سـایتەکە رادەکێشـی و پاشـان فەرمانـی open file دادەگرێ، دوای ئـەوە بـە ئاسـانی فایلەکـە لەحاڵەتی زیپ دەردەهێنێت و دانلۆدی بکە...